# پـــــارێزگای سلێمانی

کۆدی پرۆژە [(٢٩٨٠) SUL. G.] ساڵی ٢٠١٥

کەمکردنەوەی نهێنی / بانگێشتی (گشتی)

## بـــۆ پـــرۆژەی: - پاکردنەوەی خۆڵ و خاشاکی سنوری شارەوانی سلێمانی( کاری پاك کردنەوە ,کۆکردنەوە ,گواستنەوە و داپۆشینی خۆڵ و خاشاکی سنوری ( ڕاپەڕین و بەکرەجۆ ) (دووەم جار ) .

**پـــــارێزگای سلێمانی** بانگهێشتی گشتی بۆ سەرجەم کۆمپانیا وبەڵێندەران دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە. جا هەر بەڵێندەرێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کـــەمکردنەوەیە با سەردانی بینایی <u>پـــــارێزگای سلێمانی</u> (کاروباری هونەری/ب .گریٚ بەستەکان / فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی، بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبـەر (١,٥٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار عێراقی کە ناگەرێتەوە بۆ بەڵێندەرو کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت..

١- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠١٥/١١/١١) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (٢٠١٥/١١/٢٤) لەکاتژمێر (٩) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر (١٢:٠٠) ی نیوەڕۆ دەبێت .

٢- ڕۆژی گەڕاندنەوەی تەندەر ڕۆژی ( ٢٠١٥/١١/ ٢٥ ) تا کاتژمێر (١٢:٠٠) ی نیوەڕۆ دەبێت.

٣- ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە ڕۆژی ( ٢٦ / ١١ /٢٠١٥ ) کات ژمێر ( ٩ ) پێش نیوەڕۆ دەبێت.

٤-ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە: (٣) سێ ساڵ لە ٢٠١٦/١/١ تا ٢٠١٨/١٢/٣١ ( ڕۆژمێری ) .

٥- هەر ڕۆژێك لەو بەروارانەی لە سەرەوە دەست نیشان کراوە بوو بە پشوی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت, ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوام دوای پشوەکە دەبێت.

٦- پێویستە بەڵێندەر لە کاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن ( اعتذار ) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .

٧- پێویستە بەڵێندەر لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمێڵ( email ) ی تایبەت بە خۆی پێشکەش کات .

٨- پێویستە لە سەر بەڵێندەر پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ(١) ی ٢٠١١ ,مەرجەگشتیەکانی بەڵێندەرایەتی ئەندازەیی عێراقی بەشی (١و٢) بێت .

## ((مەرجەکانی بەشداری کردن))

١ - ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی ناوخۆیین بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان پلە (١) بێت پێناسی پۆلێن کردنیان پێبێت و ماوەی بەسەرنەچوبێت , پێویستە پسپۆری کۆمپانیاکان بەڵێندەرایەتی گشتی یان پسپۆری لە پاککردنەوەی خۆڵ و خاشاك دابێت.

٢- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە نیشتیمانیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پلەی پۆلێنکردنیان پلە (١) بێت ,تایبە تمەندن بە کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاك , تۆماربن و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم , هەروەها ( پرۆژەی هاوشێوە ) یان ئەنجام دا بێت .

٣- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە بیانیانەی کە بەشدار دەبن پێویستە پلەی پۆلێنکردنیان پلە (١) بێت , تایبە تمەندن بە کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاك پێویستە مۆڵەتی کارکردنیان هەبێت لەلایەن حکومەتی هەرێم , هەروەها ( پرۆژەی هاوشێوە ) یان ئەنجام دابێت .

٤- ئەگەر کۆمپانیای بەشدار بوو هەرکارێکی هاوشێوەی هەبێت دەتوانێت بە دۆکۆمێنتی فەرمی پێشکەشی بکات .

٥-ئەگەر کۆمپانیای بەشدار بوو هەرئامێرو کەرەستەیەکی تایبەت بە کۆکردنەوەی خاشاکی هەیە دەتوانێت پێشکەشی بکات .

٦- کۆمپانیای دەرەکی مەرجە ( joint venture ) بکات لەگەڵ کۆمپانیای ناوخۆ .

٧- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن

٨- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت .

٩-بڕی بارمتەی یاسایی بە بڕی ( ٢٩٠,٠٠٠ ,٠٠٠ ) دوو سەدو نەوەد ملیۆن دینارەو بە (چەکی پەسندکراو) یان (خطاب ضمان) بۆ ماوەی (١١٨) ڕۆژ پێشکەش دەکرێت .

١٠- دەکرێت بەڵێندەر یان کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئامادەبێت .ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت

١١- پارێزگای سلێمانی پابەند نی یە بە کەمترین نرخ.

١٢- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٩٠) ڕۆژە لەدوای بەرواری داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر..

**سەدار قادر علی**

**جێگری پارێزگار بۆ کاروباری هونەری**

٢٠١٥/١١/١٠

وێنەیەك بۆ

- بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا
- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریای / گە نجینەی /٢ سلیمانی/ بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن .
- ب .سەرۆکایەتی شارەوانی سلیمانی/ بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن .
- ب . گرێ بەستەکان / کاروباری یاسا / بۆ کاری پێویست .
- کاروباری هونەری/ ب. پلان و بەدواداچوون/ بۆ ئاگاداریتان .
- سایتی پارێزگا / بۆ بڵاوکردنەوەی لە پێگەی فەرمی پارێزگا .
- ب . ژمێریاری /
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لەکاتی کردنەوەی تەندەر.
- فەرمانبەری تایبەت بەکاری بڵاوکردنەوە لەرۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بۆ کاری پێویست.
- سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەر.
- ب . تەکنەلۆجیای زانیاری .
- بەشی IT.
- بۆ بینینی ئەم بانگەوازە سەردانی ماڵپەری www.slemani.gov.krd بکە .

ئامادەکردنی بانگەواز
کانیاو محمود

ل. ئامادەکردنی تەندەر

ل. چێکی تەندەر

سەرچل انور